Dengekan

# دیسانەوە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دواکەوت

**رێبین فەتاح**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە تا ئێستا لەبەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاری و چەوساندنەوەی رۆژنامەنووساندا بەتایبەت لەناوەوەی کوردستاندا، دەستەوەستانەو تەنها یەکجار هەڵوێستێکی بوێرانەی دەرنەبڕیوە، لەبەرامبەر تێهەڵدان و تێر شەق کردن و سوکایەتی پێکردن و هەڕەشەی کۆنەجاش و مستەشارو پیاوەکانی بەعس و ئەنفالچییەکان(کە وان لەسەر کورسی دەسەڵاتدا) بۆ سەر رۆژنامەنووسان هەر جارێك و بەیاننامەیەکی شەرمنانە بڵاودەکاتەوە. بەڵام دوای چی داوی ئەوەی لە هەموو لایەکەوە ئیدانەی ئەو رەفتارە دەکرێت کە رۆژانە لێرەو لەوێ بەرامبەر ئەم رۆژنامەنووس و ئەو رۆژنامەنووس دەکرێت و سەندیکاش وەك کورد واتەنی لە شەرمی رووان، نوزەیەکی لێوە دەردەچێت کە ئەگەر پیاو زۆر ورد نەبێت نازانێت ستایش کردنە یان رەخنەگرتن!

هەمووومان ئەوە باش دەزانین کە سەندیکای ناوبراو لە سەر بنەمایەکی حزبی لەنێوان پارتی و یەکێتی بە تایبەت پێکهێنراوەو نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاش کادیری دڵسۆزی حزبن، وەك لەوەی رۆژنامەنووس بن، ئەوە باش ئاگادارین ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە تەواوی ئەو ئیمتیازات و پۆستانەیان داگیرکردووە کە لە وڵاتەدا بەفەڵەمی بوێرانەی رۆژنامەنووسان وەدەست دێن، دیارە قۆرخکارییەکان جیان، هەر لەو سەردان و گەشتانەوە کە بەناوی رۆژنامەنووسانەوە ماوە ماوە نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا دەیکەن، تا دەگاتە بەدەستهێنانی ئەو پێگە ساختەیەی ئێستا هەیانە لەسەر حیسابی رۆژنامەنووسان.

لە 17ی ئەم مانگەوە دەقە بە دەقە چاودێری سایتەکانی ئینتەرنێت و رۆژنامەکان، رادیۆو تیڤییەکان دەکەم، بەڵکو ئەوە خوایە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەرامبەر بڕیاری ئیعدام کردنی دوو رۆژنامەنووس و چالاکی بواری کۆمەڵگای مەدەنی کورد "عەدنان حەسنپوورو هیوا بوتیمار" هەڵوێستێك وەربگرێت، ئەگەر دیسانەوە بەدەرکردنی بەیاننامەیەکیش بێت، بەڵام بەداخەوە هەواڵێك لەسەندیکاوە نەبوو ، ئیستیڤانۆ مارچێللی و جۆزیپێ جولیتی لە ئیتاڵیاوە ناڕەزایی بەرامبەر حوکمی ئیعدام بۆ دوو کورد دەردەبڕن و ئێران بە تاڵیبان دەچووێنن، بەڵام سەندیکاکەی لە مەڕ خۆمان، ئەوەندە زەحمەتە ناکێشێت لە بەیاننامەیەکی ترسنۆکانەدا تەنها دژی ئەو کردەوەیە بوەستێتەوە.

چ شەرمێکی گەرەکە ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بیت و بە چەند رۆژ پێش تۆ لە ئیتاڵیاو هۆڵەنداوە دەنگی ناڕەزایی بوون بەرزبکرێتەوە، لەبەرامبەر چەوساندنەوەی رۆژنامەنووسانی کورد، چەند عەیبێکی گەورەیە نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بیت و بە چەند رۆژ پێشت تۆ ، نەقیبی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسانی وڵاتانی جیهان، رێکخراوە مەدەنییەکان، رۆژنامەنووسانی گشت دونیا، لایەنە سیاسییەکان...هتد. بەدەنگ بێن و سەندیکاش کڕو بێدەنگ ورتەیەکی لێوە نەیەت!

ئەوەی جێگەی داخە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان خاوەن هەزاران ئەندام بێت، لەوەش خراپتر ئەوەیە، هەزاران رۆژنامەنووس ئینتمایان بۆ ئەو سەندیکا نەخۆش و کۆڵەوارە هەبێت. دیارە بێ دەنگ بوون لە ئاست کردەیەکی ئاوەهادا "کە مەبەست هەڵوێست وەرنەگرتنە لەبەرامبەر حوکمی ئیعدام بۆ هەر یەك لە عەدنان حەسنپوورو هیوا بوتیمار لەلایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە"، هیچ نییە جگە لە خەواندنی ویژدان و ئەخلاق. دەبێت ئەندامەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەوە بزانن کە ئەوان لەبەردەم لادانێکی گەورەی ئەخلاقی و کوفرێکی رۆژنانووسانەن، دەبێت لەوە تێبگەن هەڵگرتن و شانازی کردن بە ناسنامەی سەندیکای ناوبراو ، وەلانانی پرەنسیپە ئیتیکی و ئاکارییەکانە، پێویستە ئەوە بزانن بوونی ئینتمای ئەوان بۆ سەندیکایەکی ئاوەها، رێگەگرتنە لە دروست بوونی سەندیکایەکی بوێرو سەربەخۆ کە بە جدی بەرگری لە رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات، لەکاتێکدا پێکهێنانی ئەو سەندیکایەی ئێستا بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بوونی هەیە، هیچ نییە بێجگە لە رێگەگرتن لە دامەزراندن و پێکهێنانی سەندیکایەك کە لە خەمی رۆژنامەنووس و راگەیاندن بێت لە کوردستاندا.

تێبینی: رۆژی 7/17 دادگای سنە بڕیاری ئیعدامی بۆ هەر یەك لەرۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی عەدنان حەسەنپوورو هیوا بوتیمار  بەبێ ئاگاداری پارێزەرو خانەوادەکەیان، بەدەست و پێ بەستراوی و دوای چەند مانگ لەزیندان دەرکردو چاوەڕوان دەکرێت تا پاش 20 رۆژ لەو رێکەوتە دادگای تەمیز بڕیارەکە یەکلایی بکاتەوە.